کوردستانی نوێ
ساڵی شانزەهەم-ژمارە (٤٢٩٩) چوارشەممە ٢٠٠٧/٦/٢٠
No: 4299 Wednesday 20/6/2007

### ئەکادیمی و لێکۆڵەری سیاسی د.بورهان یاسین بۆ کوردستانی نوێ:

# دیموکراتەکان بەگشتی لەگەڵ کشانەوەی هێزەکانیاندان لەعیراق، بەڵام داوای پاراستنی کوردو دانانی بنکەی سەربازی دەکەن



**ئەڵتەرناتیڤەکانی ئەمریکا بۆ هەلومەرجی نائارامی ئەمرۆی عیراق، مەسەلەی دانانی پێگەو بنکەی سەربازیی ئەمریکا لەهەرێمی کوردستان، ئەگەری دووبارەکردنەوەی ئەزموونی کۆریای باشوور لەلایەن وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە لەهەرێمی کوردستاندا، پەنابردنەوەی ئیدارەی ئەمریکا بۆ راسپاردەکانی بیکەر-هاملتۆن، پەیوەندیی کورد-تورکیاو چەندین پرسیتر، لەو مەسەلە گرنگانەن کە ئەمرۆ جێی پرسیارو بەدواداچوونی سەرکردایەتیی سیاسیی کوردو خەڵکی کوردستانن، بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی جیاوازو کراوەش لەسەر ئەو مەسەلانە بدوێین، چاوپێکەوتنێکمان لەگەڵ ئەکادیمی و لێکۆڵەری سیاسی و مامۆستا لەزانکۆی لۆند-ی سوید د. بورهان یاسین ئەنجامداو بەچەند ئەڵقەیەك بڵاویدەکەینەوە.**

**سازدانی: عەدالەت عەبدوڵڵا**

**بەشی دووەم**

***تۆ لەشوێنێکداو لەئەنجامی خوێندنەوەی ئەگەرەکانی پاشەرۆژی عیراق و لەبەر رۆشنایی پێدراوەکان (معطیات) و رووداوەکانی عیراق خۆی و ناوچەکە، پێتوایە کە ئەگەری دروستکردنی بنکەو پێگەی سەربازی ئەمریکا لەکوردستانی عیراقدا لەحاڵەتی پاشەکشەکردنی سوپای ئەو وڵاتە لەناوچەکانی تری عیراق، ئەگەرێکی لاوازە، یان راستتر، پێتوایە کێشەی زۆری دێتەرێ، لەکاتێکدا خەڵکێکی زۆر لەکوردستان ئومێدیان بەو ئەگەرە هەیەو تا رادەی گرەوکردن گرەوی لەسەر دەکەن، ئایا دەتوانی زیاتر بۆمان روون بکەیتەوە کە لەبنەرەتدا دروستکردنی پێگەی سەربازیی ئەمریکا لەکوردستاندا، تا چەند ئەگەرێکی مەعقولە، کێشەکانی و بەربەستەکانی و مەرجەکانی چین؟**

-لەراستیدا لەو جێگەیەی ئێوە مەبەستتانە بەراوردی باشووری کوردستان و کوێتم کردوە وەکوو دوو ئاڵتەرناتیف بۆ ئەوەی ئەمریکا بنکەی سەربازی تێدا دروست بکات، ئەوە ئەگەر ئەمریکا ویستی بەتەواوەتی لەعیراقی عەرەبی بکشێتەوە. جارێ بەر لەهەر شتێك ئەوە بریارێکی گرنگەو گۆرانکارییەکی چۆنایەتی گرنگیشە لەسیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بەکێشەی عیراق و ناوچە. لەلایەکی ترەوە تا دێت ئەوە زیاتر روونەبێتەوە کە بەڵێ ئەمریکا ناتوانێ هێزەکانی بەو قەوارەو ژمارەیەی کە هەن لەعیراق بهێڵێتەوە بۆ ماوەیەکی دووروودرێژ، بەڵام لەلایەکی تریشەوە ناکرێ بەتەواوەتی هەموو هێزەکانی بەماوەیەکی کەم بکێشێتەوە. لەبەرئەوە بەتایبەتی لەرۆژانی دوایدا گفتوگۆکان چربوونەتەوە دەربارەی ئەوەی کە ئێدی دوابریار ئەوەیە لەماوەی ١-٢ ساڵی داهاتوودا زۆرینەی هێزەکانی بکێشێتەوەو بۆ هەندێ ئەرکی گرنگ لەچەند بنکەیەکی دیاریکراودا ٢٥ تا ٣٠ هەزار سەرباز بهێڵێتەوە.

لەبەراوردێکدا، لەبابەتی کردنەوەی بنکەی سەربازی بۆ ماوەیەکی درێژخایەن، کوێت هەندێ خاڵی بەهێزی هەیەو کوردستانیش هەندێك. لەلایەکی ترەوە هەردووکیشیان هەریەك بەشێوەیەك خاڵی لاوازیشیان هەیە. جا پرسیار ئەوەیە لەبریارێکی ئاوادا ئەمریکا کامیان هەڵدەبژێرێ؟ لەحاڵەتی کوێتدا سێ خاڵی بەهێز هەن کە بۆ ئەمریکا ئاسانکاری دیپلۆماسی و لۆجیستیکی دەکەن:

*کوێت سنووری کراوەی هەیە لەگەڵ کەنداو، ئەم خاڵەش ئاسانکاری جووڵانەوەو گواستنەوەی هێزەکان و یارمەتی پێگەیاندنیان زۆر ئاسان دەکات.

*کوێت ئێستاش لەحاڵەتی (قەرزار باریدایە)بەرامبەر بەئەمریکا، هەر نەبێ لەرووی مۆراڵییەوە، بەهۆی ئازادکردنی کوێت لەلایەن هاوپەیمانییەکی جیهانییەوە بەسەرکردایەتی ئەمریکا. بەمانایەکی تر ئەمریکا دەتوانێ ئەم حاڵەتە بەکاربهێنێ بۆ وەرگرتنی ئیمتیازی دامەزراندنی بنکەی سەربازی لەوێ.

*کوێت وڵاتێکی سەربەخۆو خاوەن سەروەرییەو بەم مانایاش دەتوانێ ئەو سەروەرییە بەئاسانی بەکاربهێنێت بۆ قبووڵکردنی بنکەی سەربازی ئەمریکی.

لەلایەکی ترەوە یەکێ لەخاڵە هەرە لاوازەکانی کوێت ئەوەیە کە ئەم وڵاتە بەئەگەری زۆر، کێشەو نارەزایی بۆ خۆی دروست دەکات و خۆی دەکاتە ئامانجی هەندێ هێزی ئیقلیمی (بەتایبەتی ئێران) و هێزە ئیسلامییە توندرەوەکان (بەتایبەتی قاعیدە) ئەمە ئەگەر رێگە بەبنکەی سەربازی بۆ مانەوەی درێژخایەن بەپەیوەندی لەگەڵ کێشەو دوارۆژی عیراق بدات. بۆ نموونە، رۆژی (٢٠٠٧/٦/١١) کوێتییەکان رایانگەیاند: ئەوان ناخوازن وڵاتەکەیان بەکاربێت بۆ هێرشکردنە سەر ئێران.

بەرامبەر ئەمە، خاڵە بەهێزەکانی کوردستان وەکو ئاڵتەرناتیڤ:

*کوردستان وەکو خەڵك و وەکو سەرکردایەتی سیاسی دۆستایەتی خۆیان بۆ ئەمریکا ناشارنەوەو هەڵوێستێکی ئاواش دەتوانێ رێگەخۆشکەر بێت بۆ دامەزراندنی بنکەی سەربازی ئەمریکی لەباشووری کوردستان.

*باشوری کوردستان بەرەو رووی هەر ئەگەرێکی ئاوا لەرووی سیاسی و دیپلۆماسیەوە، حاڵەتێکی کراوەیەو ئەو حاڵەتی کرانەوەیەش دەتوانێ رێگە خۆشکەربێت بۆ دانانی بنکەی سەربازی وەکو ئەوەی کە ئەم هەنگاوە بەشێك بێ لەو پرۆسەیەی کە ١٥ ساڵە لەسەرپێیە، بەتایبەتی لەدوای کەوتنی رژێمی دیکتاتۆرەوە، ئەویش پاراستنی کوردەو لێکنزیکبوونەوەیەکی بەردەوامی ئەمریکییە لێی. لەراستیدا هەر لەچوارچێوەی بەردەوام بوون لەم پاراستنە لەماوەی پێشوودا، بەتایبەتی لەم دواییانەدا، چەند دەنگێك لەئەمریکا بەرزبوونەتەوە کە بانگەشەی پاراستنی کورد لەباشووری کوردستان (لەلایەن ناتۆ یان هێزی ئەمریکی) دەکەن، گرنگترینی ئەم دەنگانەش ئەمانەن:

-ریچارد هۆلبرۆك (دیپلۆماتێکی کۆن و ناودارەو لەفەترەیەکیشدا باڵیۆزی ئەمریکا بوو لەنەتەوە یەکگرتووەکان.

-هیلاری کلینتۆن خێزانی بیل کلینتۆن (دیموکرات) سیناتۆر لەلایەن نیویۆرکەوە، خاوەن کاریگەرییەکی زۆرە بەتایبەتی لەسیاسەتی دیموکراتەکاندا.

-بیل کلینتۆن، سەرۆکی پێشووی ئەمریکا.

من باوەرم وایە بەهۆی ئەم حاڵەتە کراوەیەو بەهێزیی بیانوی مۆراڵی لەپاراستنی کوردو راهاتنی ئەمریکییەکان لەم ئەرکە لە١٥ ساڵی رابردوودا، قەناعەت پێکردنی ئەمریکییەکان (واتە رای گشتی) بۆ بەردەوامی ئەم پاراستنە کارێکی زۆر سەخت نابێت، بەتایبەتیش کە ئەم بۆچوونە لەناو دیموکراتەکان ئاشکرایە. بەمانایەکی تر لەکاتێکدا دیموکراتەکان بەگشتی داوای کشانەوەی هێزەکانیان لەعیراق دەکەن لەهەمانکاتدا بانگەشەی پاراستنی کوردو دانانی بنکەی سەربازی دەکەن، جا چ ناتۆ یان هێزی ئەمریکی.

لەلایەکی ترەوە خاڵی لاوازی کوردستان بەر لەهەر شتێك ئەوەیە کە:

*کوردستان خاوەن سەروەری نەتەوەیی خۆی نییە (دەوڵەتێکی سەربەخۆ نییە) و بەبێ پەسەندکردنی پەرلەمانی عیراق هەرێمی کوردستان ناتوانێ و لەرووی یاساییەوە بۆی نییە بەیەکلایەنە رێگا بدات بەدامەزرانی بنکەی هێزی بیانی، جا چ ناتۆ یان ئەمریکی. لەراستیدا بەر لەماوەیەك سەرۆکی هەرێم مەسعود بارزانی خۆیشی ئەوەی پشتراست کردەوە کە دامەزراندنی بنکەی سەربازی ئەمریکی لەکوردستان وابەستەیە بەبریاری پەرلەمانی عیراقەوە. بەم مانایەش رێککەوتنی راستەوخۆی کوردو ناتۆ یان کوردو ئەمریکا (بەبێ گەرانەوە بۆ حکومەتی ناوەندی لەبەغدا) بۆ دامەزرانی بنکەی سەربازی پێویست دەکات کە کوردستان بەر لەهەر شتێك ببێ بەخاوەن سەروەری نەتەوەیی (لەچوارچێوەی سەربەخۆیی تەواوەتی یای تەرتیباتی کۆنفیدرالیەکی بەهێز)، ئەگەرنا بنەجێکردنی هێزی سەربازی بیانی لەکوردستان لەچوارچێوەی عیراقێکی یەکبوودا ئەگەری ئەوەی هەیە کە بەهەندێ زیانیش تەواو بێ بۆ کورد، ئەگەرچی ناکرێ هەندێ سوودیشی لەبەرچاو نەگیرێ. ئەوە زیاتر دەوەستێتە سەر ئەو مەرجانەی کە پەرلەمانی عیراق بۆ مانەوەی بنکەی سەربازی ئەمریکی دادەنێ و تا چ رادەیەك ئەو پەرلەمانە ئەو مەسەلەیە بۆ کەمکردنەوەی ئیرادەی هەرێمی کوردستان لەمەسەلە ستراتیژییەکان بەکاردەهێنێ. جا لێرەوەیە کە ئاڵتەرناتیڤی دانانی بنکەی سەربازی لە(عیراق) یان لەباشووری کوردستان بەتەواوەتی بەستراوەیە بەشێوەی بەردەوامبوونی پرۆسەی سیاسی لەعیراق یان پچرانی ئەم پرۆسەیەو گۆرانکاری لەتەواوی ستراتیژی ئەمریکا لەم بارەیەوە)، لەبەرئەوەی باشووری کوردستان هیچ سنوورێکی هاوبەشی لەگەڵ ئاوێکی کراوەدا نییەو وڵاتێکی داخراوە، ئەمە لەرووی لوجیستیکیەوەو (لەوێشەوە دەرهاوێشتە سیاسی و دیپلۆماسییەکانی بەربەستە لۆجیستیکیەکە) رێگرێکە لەبەردەم هەڵبژاردنی باشووری کوردستان (بەدابراوی لەعیراقی عەرەبی) وەکو ئاڵتەرناتیڤ.

*تورکیا نارەزایی خۆی نەشاردۆتەوە لەبەرامبەر ئەگەری دامەزرانی بنکەی ناتۆ یان ئەمریکی لەباشووری کوردستان. واتە بەپەیوەندی لەگەڵ خاڵی ٢ و ٣ هەڵوێستی تورکیا گرنگە.

بەم مانایەش بەباوەری من خاڵی ٢ و ٣ لەرێگەی فەراهەمکردنی لەیەکگەیشتنی ئەمریکی-تورکی و تورکی-باشووری کوردستان و کوردی-ئەمریکی هەیە. ئەم لەیەکگەیشتنە هەمە رەهەندەو تارادەیەکیش ئاڵۆزە، کاری زۆری دەوێت و ئەکتەرەکانی فەراهەمکردنی ئەو لەیەکگەیشتنە بەپلەی یەکەم پێنجن:

-وڵاتەیەکگرتوەکانی ئەمریکا، دەسەڵاتی سیاسی لەباشووری کوردستان، تورکیا، کورد لەباکوور، بەتایبەتی pkk و ناتۆ تا رادەیەکیش یەکیێتی ئەوروپا.

لێرەدا دەخوازم ئەم خاڵی لەیەکگەیشتنە روونبکەمەوە. هەندێك دوور لەو گرژییانەی کە پەیوەندی کوردو تورکیاو ئەو (ساردیەی) کە پەیوەندییەکانی تورکیاو ئەمریکا بەخۆوەیان دەبینن. بەر لە١٥ ساڵ لەباسێکمدا بەناوی کوردستان لەسیستمی نوێی جیهانیدا بانگەشەی ئەوەم کردووە کە بەرژەوەندییەکانی تورکیاو کوردو ئەمریکا (بەگشتی جیهانی رۆژئاوا) وا دەخوازن کە لەدیدێکی دووربینی و ستراتیژییەوە شێوە لەیەکگەیشتنێك بخەملێنن. خاڵی هەرە گرنگ لێرەدا ئەوەیە کە لایەنەکان بگەنە ئەو قەناعەتە ستراتیژییە کە ئەمریکا لەبەر خاتری تورکیا واز لەکورد ناهێنێ و لەهەمانکاتیشدا لەبەر خاتری کورد واز لەتورکیاناهێنێ. بەمانایەکی تر پاراستنی پەیوەندی دۆستانەی ئەمریکا لەگەڵ کورد لەلایەك و لەگەڵ تورکیا لەلایەکی ترەوە گرنگترین زەمانەتە بۆ فەراهەمکردنی لەیەکگەیشتنێکی ئاوای سێلایەنە. لەم بارەیەشەوە نابێ کورد کار بۆ ئەوە بکا کە ئەمریکا قوربانی بەپەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیا بدات، وە پشتئەستور بوون بەو باوەرەی کە ئەمریکا ئەو قوربانیە دەدات هەڵەیەکی گەورەیە.

لەراستیدا ئەگەر ئاورێك لەتەقلیدی کەڵەکەبووی دیپلۆماسی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بدەینەوەو ئەو تەقلیدە دیپلۆماسیە ببەستینەوە بەگۆرانکارییەکانی ستراتیژی ئەمریکای دوای تەواوبوونی جەنگی سارد، بۆمان دەردەکەوێ کە لەیەکگەیشتنێکی ئاوا مومکینە: لەرووی تەقلیدی دیپلۆماسیەوە تیۆرەکەی هینری کیسنجەر (دوو هێزی یان دەوڵەتی دژ بەیەك لەیەکتر نزیکدەبنەوە ئەگەر لەهەمان سات و کاتدا ئەو دوو هێزە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا کۆیانبکاتەوە) دەتوانێ ببێتە بنەمایەکی گرنگ بۆ نزیکبوونەوەی کوردو تورکیا، چونکە ئەمریکا بەرژەوەندی لەگەڵ هەردووکیان هەیەو دەشیەوێ ئەم بەرژەوەندییانە بپارێزێ. ئەم تیۆرەی کیسنجەر لە١٩٧٠ کاندا کاری پێکرا بۆ پەرینەوە بۆ لایەنی عەرەبی و لاوازکردنی بەرەی دژ بەئیسرائیل لەرێگەی نزیکبوونەوە لەمیسرو دواتریش بەستنی پەیمانی ئاشتی لەنێوان میسرو ئیسرائیلدا. دیارە ئەم نەموزەجە کەمتر سەرکەوتوو بووە لەحاڵەتی یۆنان و تورکیا، بەڵام بەهەرحاڵ هەردووکیان هەر ئەندامی ناتۆن و هیچ شەرێکی سەرتاسەری لەنێوان ئەم دوو وڵاتە روویندەداوە لەگەڵ بوونی زۆر کێشەی جدیش لەنێوانیاندا. پاراستنی کورد لەماوەی ١٥ ساڵی رابردوودا لەلایەن ئەمریکاوەو نزیکبوونەوە لەخواستەکانی کورد لەباشووری کوردستان بەشێوەیەکی پۆزەتیڤانەتر شێوەیەکی پەرینەوەی ئەمریکایە بۆ دیوی کوردی لەوهاوکێشە ئاڵۆزەدا. ئەوەشی کە پەیوەندی بەگۆرانکاری لەستراتیژی ئەمریکای دوای تەواوبوونی جەنگی سارد هەیە ئەوەیە کە ئەمریکای دوای ئەو جەنگە پێداچوونەوەیەکی سەرتاسەری کردووەو دەرهاویشتەکەشی ئەوەیە کە بەڵێ لەبەرئەوەی هەندێ لەهاوپەیمانە کۆنەکانی ئەمریکا سەرپێچی دەکەن یان نرخی ستراتیژیان کەمبۆتەوە یان وەلائیان بۆ هاوپەیمانیەکە کەمبۆتەوە، ئەمریکا هەوڵی بەدەستهێنانی دۆست و هاوپەیمانی تازە دەدا،؛ جا یان بۆ تەواوکردنی رۆڵی هەندێ لەهاوپەیمانە کۆنەکانە یان بۆ بەتەواوەتی جێگەگرتنەوەی رۆڵی هەندێ هاوپەیمانی تر. سەرپێچی فەرەنساو هەندێجار (سەرپێچی) ئەڵمانیا رۆڵی پۆڵۆنیای بەتوندی هێنایە پێشەوە. بەهەمان شێوە کەمبوونەوەی وەلائی تورکیا گرنگی بولگاریاو باشووری کوردستان و ناوچەی قەوقازی زێدەتر کرد. لەوە دەچێ بۆ ماوەیەکی دوور ئەم ناوچانە گرنگیان لەزێدە بووندابێت، بەتایبەتی بەپەیوەندی لەگەڵ جەنگ بەرامبەر تیرۆریزم و هەستیاری و گرنگی ستراتیژی ناوچەکە، هەروەها لەرۆشنایی گۆرانکارییەکانی پەیوەندییەکانی روسیاو ئەمریکاو ئەگەری ئاڵۆزبوونی ئەم پەیوەندییانە.

پێموایە سیاسەتی هەرە عاقڵانە ئەوەیە کە پەیوەندییەکانی باشووری کوردستان و تورکیا لەچوارچێوەی ئەوەی من پێمگوتووە( تەکامولی ستراتیژی) بخەملێنرێ نەوەك دژایەتی ستراتیژی بکرێ. بەم مانایەش نە گرنگی تورکیا بۆ ئەمریکا بەزەرورەت دەکەوێتە دژایەتی لەگەڵ گرنگی کوردستان و نە گرنگی کوردستانیش بۆ ئەمریکا بەزەرورەت دەکەوێتە دژایەتی لەگەڵ گرنگی تورکیا، بەڵکو دەتوانن رێك یەکتر تەواو بکەن.

کارکردن بەم بۆچوونە لەمەدایەکی کورتخایەن یارمەتیدەر دەبێ بۆ کورد لەباشوور، بۆ کورد لەباکوورو بۆ ئەمریکاو بۆ تورکیاش. لەمەودایەکی درێژخایەنیش خزمەت بەئامانجی نزیکبوونەوەی کورد لەجیهانی رۆژئاوا دەکات و دواتر ببێتە بەشێك لەپرۆژەی لیبرال-دیموکراسی ئەوروپای رۆژئاوا یان هەرنەبێ سنووری هاوبەشی ببێ لەگەڵ جوگرافیای ئەم پرۆژەیە.

ئەڵبەتە لەیەکگەیشتنێك لەشێوەی سێگۆشەیەکدا (کورد-تورکیا-ئەمریکا) سەرکەوتنێکی گەورەش دەبێ بۆ ئەمریکا، لەراستیدا بۆ ئەمریکا کۆمەڵێ سەرکەوتن دەبێ. لەم حاڵەتەدا ئەمریکا کورد بەدەستدێنێ و پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیا توندوتۆڵ دەکات و واشدەکات کە هەرنەبێ تورکیا هەندێك دووربکەوێتەوە لەدوو هێزی ئیقلیمی کە هەر یەکەیان بەشێوەیەك دوژمنکارن بەسیاسەتی ئەمریکا.

> ”سیاسەتی هەرە عاقڵانە ئەوەیە پەیوەندییەکانی باشووری کوردستان و تورکیا لەچوارچێوەی (یەکتر تەواوکردنی ستراتیژی)دا بخەملێنرێ“